به په‌له بۆ بڵاوكردنه‌وه

# چاودێریكانی هه‌ڵبژاردنی نێونه‌ته‌وه‌یی
## سه ره تای بیرو بۆ چوونی باش

**به‌غدا- عێراق مارس 9 2010-** ئه‌ندامه كانی تیمێكی نێونه‌ته‌وه‌یی شایه‌تیان دا به هه‌ڵبژاردنه‌كان له عێراق دا وه وته‌یان كه فه رمانبه‌ره‌كانی به‌شداری یان كرد له هه‌ڵبژاردنه‌كانی عێراقدا شایه‌نی پیاهه‌ڵدانن بۆ باش به ڕێوبردنی هه‌ڵبژاردنه‌كان له عێراق هه‌روه‌ها بۆ پلان دانانی پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌كه.

"ئێمه ئه‌بیت پیاهه‌ڵدانی لیژنه‌ی باڵای هه‌ڵبژاردنه‌كان له عێراقدا بكه‌ین بۆ خستنه ئه‌ستۆی خۆگری هه‌روه‌ها بۆ ڕه وشی ده زگاكانی په یام" ، ئه‌مه‌ی سه‌ره‌وه وته‌ی به‌ڕێز دۆگڵاس ڕۆڵانده، سه‌رۆكی تیمی راسپاردن هه‌روه‌ها ئه‌ندامی په‌رله‌مانی پێشووی فیدراڵ له كه‌نه‌دا.

تیمه‌كه سه‌ردانی زیاد له دوو ده رزه‌ن بنكه‌ی ده‌نگدان یان كرد رۆژی ده‌نگدان - یه‌ک شه‌مه: سه‌ردانی چه‌ندین شوێنی ده‌نگدانی  بێ تواناكان یان دا هه‌فته ی پێشوو: هه‌روه‌ها كورته هه واڵه كانیان وه‌رده‌كرت له هاوولاتی عێراقی لێزانه كانه‌وه وه هه‌روه‌ها له نوێنه رانی كۆمه‌ڵه ی  نێو نه‌ته‌وه‌یی.

"ئێمه هه موو سه رسورماین له ئازایه تی ده‌نگده ران. له كه‌ڵ نزێكه‌ی 50  ته قینه وه له شاری به‌غدا، عێراقیكان له هه موو ته مه نێک وه له هه موو  گرووپ په سیاسیه كان چوونه بنكه‌كانی ده‌نگدان بۆ ده‌نگی خویان بده‌ن . هاوولاتی عێراقی گوورانی وڵاتیان خستۆته ئه‌ستۆیان ئه مه ش به راستی نیگایه‌كی گرنگه" ، ئه‌مه‌ی سه‌ره‌وه وته‌ی به‌ڕێز جیم سڵه‌تری ئه‌ندامێ پێشووی  كۆنگره‌س له وڵاته یه‌كگرتووه‌كان ئه‌مریكا.

"ئێمه بوومان ده ركه وت له سه‌ردانی  هه‌ندیک له بنكه‌كانی ده‌نگدان كه وا زۆر به ریكو پێكی كاریان ده كرد،  هه‌روه‌ها هه موو پێویستیان له  پێش بوو.  ئیمه گرفتار بوین به ڕووداوانه وه‌ی كێشه كان له لیستی تۆماركردنی ده‌نگده ران،  ئومێده وارین كه له هه‌ڵبژاردنه‌كانی داهاتوودا ئه‌مه  چاره‌كراو بێت" ، ئه‌مه‌ش وته‌ی به‌ڕێز ئه‌نتنی سمسن پاڵێوراوی ئه‌ندامی پێشووی  په‌رله‌مانی ئه‌وروپا.

به پێی بانگه‌وازی لیژنه‌ی باڵای هه‌ڵبژاردنه‌كان له عێراق، تیمی چاودێری هه‌ڵبژاردنی نێونه‌ته‌وه‌یی پێک هاتووه له شه‌ش كه‌س. ئای ئی ئێم ئای(IEMI) چاودێری هه‌ڵبژاردنه‌كانی عێراق ده‌كات له 7 مارس، هه‌روه‌ها سه‌رجه‌م كردنی ده‌نگه‌كان له دوایی. تیمه كه له شه‌ش یاسادانه‌ری پێشووی له وڵاته یه‌كگرتووه‌كان ئه‌مریكاوه و كه‌نه‌دا و سوید و شانشینه یه‌كگرتووه‌كانی به‌ریتانیا پێک هاتووه. خاوه‌ن ئه‌زمونن له چاودێریكردنی هه‌ڵبژاردن . ئه‌م شه‌ش كه‌سه مه‌شقی تایبه‌تییان پێكراوه سه‌باره‌ت به چۆنیه‌تی چاودێریكردن له هه‌ڵبژاردن، هه‌مووش خۆبه‌خشانه كار ده‌كه‌ن.
ئه‌ندامانی تیمه كه پێكهاتوون له‌م كه‌سانه :
خاوه‌ن شكۆ پێر گاهرتن (PER GAHRTON) له سویده‌وه، خاوه‌ن شكۆ ئه‌نتنی سمسن (Anthony Simpson) له شانشینه یه‌كگرتووه‌كانی به‌ریتانیا، ئه‌م دوو كه‌سایه‌تییه پێشتر

ئەندام پەرلەمانی ئەوروپا بوونە، خاوەن شکۆ پۆڵ دیڤلەرس (PAUL DEVILLERS) لە کەنەداوە، خاوەن شکۆ جیم سلەتری (JIM SLATTERY) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، خاوەن شکۆ سکۆت کلەگ (SCOTT KLUG) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، هەروەها سەرۆکی تیم بەڕێز دۆگلاس ڕۆلاند(DOUGLAS ROWLAND) لە کەنەداوە وە سەرۆکی فە خری لە IEMI . لە مانگی کانوونی دووەمی 2006 بەڕێز ڕۆلاند پێشەوایەتی تیمێکی نێونەتەوەیی بۆ شی کرد نەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی مانگی دوازدەی 2005 لە هەڵبژاردنەکانی عێراق دا.

ئەم تیمە توانای خۆی خزتە گر بۆ جەختکردن لەسەر کاری چاودێریکردنی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی عێراق نەک نمایشکردن و ڕاوەرگرتن لە بنکەکانی دەنگدان.
"ئێمە وەکوو تیمێکی بچوک ئەرکمان ئەوەبوو تاکوو دەتوانین هەوڵمان دا بۆ بەشداری کردنێکی کاریگەر ، ئێمە بە دڵنیاییەوە هەموو زانیارێکان وەرگرت لە ڕێگەی ڕاوێژکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی عێراق بۆ چاودێری هەڵبژاردن و پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵەی مەدەنی هەروەها نوێنە رانی کۆمە ڵە ی نێو نەتەوەیی."
IMEI کە لە ساڵی 2005 پێکهاتووە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندامانی پێشووی کۆنگرەیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەها ئەندامانی پەیوەست بە پەرلەمانی پێشوی ئەوروپی کەنەدی هەردوو پەرلەمانی هاوپەیمانی پێشوو کە نووسینگەیان هەیە لە واشنتۆن و بڕۆکسل و ئۆتاوا. یەکەم سەرچاوەی داراییان بەدەست هێنا لە وەکالەتی بوژانەوی دەوڵەتی کەنەدا.

ئەم تیمە لە قۆناغی تەواو کردنی را پۆرتیکی دوور و درێژ دایە کە لە ماوەی هەفتە یەکدا تەواو دخ بێت.



بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە :
پیت وەچلەن (PETE WEICHLEIN)
بەڕێوەبەری دامەزراوی دەستەی کارگێری هەڵبژاردنی نێو نەتەوە یی
pweichlein@usafmc.org